ـەسکەندەری مەکدۆنی و ئەبوجەعفەر مەنسوورو پەترسی گەورەر
ـ ـیێ کە ناویان لە مێژووی جیهان‌دا بەدامەزرێنەری شاری
ـەسکەندەریەی میسری و بەغدادو پترسبورغ ناسراوەو
ـەرچووە .

مەگەر بەم هۆنراوە بەنرخەی خوارەوەی شاعیری بەناوبانگی
کورد شێخ رەزای تالەبانی بتوانین کەمێ باروو دۆخی گەش و
ـێەو روخساری قەشەنگی ئەو چەرخە پر لە سەرکەوتن و
دەستکەوتە گەورەیە بپێوین و بینرخێنین . وەوێنەی بێگەردی
ـەری سلێمانی لە تاف دوو بەهاری پێشکەوتن و سەربەخۆیی
هەرەتی شاسواری . پەرەسەندنی مەزنی‌دا پی‌بکێشین .

ـە بیرم دێ سلێمانی کە دارو ملکی بابان بوو
ـە مەحکومی عەجەم . نەسوخرەکێشی ئەهلی عوسمان بوو

* * * *

ـەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەطاف کەعبە بۆئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو

* * * *

ـەبەر تابووری عەسکەر رێ نەبوو بۆ مەجلسی پاشا
صەدای مۆسیقاو نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو

* * * *

دریغ بۆ ئەو زەمانە ، ئەو دەمە ، ئەو عەسرە ، ئەو رۆژە
کە مەیدانی چریت بازی لە دەوری کانێسکان بوو

* * * *

بە زەربی حەمەیلە بەغدادی تەسخیرکردو تیێی هەڵدا
سلێمانی زەمان راستت دەوێ ، باوکی سلێمان بوو

* * * *

عەرەب ئینکاری فەظلی ئێوە ناکەم ئەفظەلن
ئەمە سەلامەدین کە دنیای گرت . لە زومرەی کوردی بابان بوو

* * * *

قوبووری پر لە نوری ئەهلی بابان پر لەرەحمەت بێ
کە بارانی کەفی احسانیان وەك هەوری نیسان بوو .

* * * * *

کە عبداللە پاشا لەشکری والی سنەی شر کرد
رەزا ئەو وەختە پێنج و شەش طفلی دەبستان بوو .

# کەرەکوان

تۆمارکردنی عباس عبداللە یوسف

**کەرەکوانۆ لە کەرەکێ .**
**مارتی وەبدا بە بەرەکێ .**
**لۆم دەربازکە چاو بەرەکێ .**

—

**کەرەکوانۆ لە قەندیلی .**
**دەس مەزرەفەت هێسکێ فیلی .**
**مارت وەدا بە بنی پیلی .**
**لۆم دەربازکەیەکەفیلی .**

— —

**کەرەکوانۆ لە قەسرۆکێ .**
**کلم هێنا پەدەسرۆکێ .**
**لۆچاوینە خەجیجۆکێ .**

کەرەکوانۆ لەبرێ ساوا .
لێت تاری بن هەردووچاوا .
لۆم دەربازکە لانکێ ساوا .

— —

کاولو وێران چەند بە بی‌یە .
لێیان بگرن پەسووکی‌یە .
دەرباز ناکەن چاۆك سی‌یە .

— —

کاولو وێران چەند بە بەردە .
لێیان بگرن شۆو وەردە .
دەرباز ناکەن خمزێم زەردە .

— —

کەرەکوانۆ زێ‌وەزێ‌دا .
هەنجیرۆکابن تاوێ دا .
بە پاییزێ شختێ لێدا .
کیژبالیفە وکور پاروێدا .

— —

کەرەکوانۆ هەمیاینە .
هەرچی جوان بی وەی پەرینە .
هەرچی پیر بی بیخنکینە .

کەرەکوانۆ حمەرۆکا .
دەسکێ بێرێت کەرەنۆکا .
لۆم دەربازکەیا کچکۆکا .

تێبینی

ئەم تێکستە فولکلوری = لە گوندی (جۆنەلە)ی سەر بە ناحیەی خەلیفان تۆمارکراوە .

فەرهەنگۆك

کەرەکوان = خاوەنی کەلەك ، کەلەکوان ، جازان کەلەك لە مەشکە کەلەکي وکوندەی پفکراو دروستدەکرا وخەلکیان پێ‌دەپەڕاندەوە لەزێ‌دا .
کەرەکێ = یاسین ئاغا . لە نێوان هەولێر وموسل .
بەرەك = بەلەك .
بەرەك = بەڵەك (چاوی رەش‌و سپی) .
قەندیل‌و قەسرۆك = ناوی دووگوندن سەر بە ناحیەی (حەریر)ن .
دەس‌مەزرەفە = سەول .
دەسرۆك = دەستەسر ، دەسماڵ .
پە = بە .
خەجیجوك = ناوی ئافرەتێکە .
ساوا = گوندە سەر بە ناحیەی خەلیفانە .
بر = تەنکاو ، بوار .
تاری‌بن = کوێرین ، تاریك‌بن .
زێ‌وە زێ‌دا = رۆشیتن زێ‌و زێ . روبارو روبار .
بن تاوێ‌دا = بن لە ئاو . رەگ لە ئاو .
شختێ لێ‌دا = سرماو سرەی پایز وشکی کرد .
هەمیا = گشتیان .
حمەرۆك = ناوی‌کەسێکە .
بێر = بێڵ .
کەرەنۆك = لاسکەنۆك = کەلەنۆك .